هونەرمەند مەزهەری خالقی بۆ گوڵان:

# ئەوەی مانای خۆشەویستی نەزانێت قەت گۆرانی ناڵێت

**لەم دیمانەیەدا هەوڵمانداوە هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی بدوێنین و باس لە چەند لایەنێکی ژیانی ئێستای لە ئەنیستیتۆی کەلەپوری کوردی و چۆنییەتی کارکردنیان بکات، هەروەها باس لە چەند لایەنێکی تایبەت بە ئێستای هونەری کوردی دەکات.**

**دیمانە/ رۆشنە**

*** گرینکترین کارەکانتان لە ئەنیستیتیۆی کەلەپوری کوردی چی بوون؟**

مەزهەری خالقی» لەئەنیستیتۆی کەلەپوری کورد مەبەستی سەرەکی ئەم سەنتەرە لەسێ بوار پێکدێت. یەکەم هەموو ئەو کەلەپورە کوردیانە کۆبکرێتەوە کە ئەمە تەنیا ئەرکی ئێمە نییە ئەرکی هەموو لایەکە، چونکە نزیکەی ٥٠٠ساڵ بەسەر دابەش بوونی ئێمە تێپەڕ بووە، لەهەر یەکێك لەبەشەکانی کوردستان ڕێگەیان نەداوە کە ئێمە دابونەریتی خۆمان بەئازادی نیشان بدەین لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆیە بەر لەوەی چیتر بفەوتێت دەمانەوێ ئەمانە کۆبکەینەوە تەنیا جێگایەك هەبێت ئەم کارانە بکات باشووری کوردستانە، چونکەبەشەکانی تری کوردستان تا ئێستا ژێردەستن. دووەم بتوانم هەموو کات ئەم کەلتورانە بپارێزم. جا لە مۆزەخانە بن یان ئەو پاشماوانە بەشێوەی ئۆدیۆ و ڤیدیۆ یان بەشێوەی نووسینەوە بنن هەموو ئەمانە کۆدەکەینەوە و دەکەین بەدیجیتاڵ کەواتە بەم شێوەیە ئەمانە لەهارد یان لەسیدی هەڵیان دەگرین پێش ئەوەی بفەوتێن. سێیەم گەشەپێدانی کەلتووری خۆمان کۆبکرێتەوە ئەمە سوودی لێوەربگرین و لەدوارۆژە تاکو دەگات بەم رۆژگارە، چونکە هونەر ناوەستێت هەمیشە دەگۆرێت لەگەڵ ژیانی خۆماندا، بۆئەوەی ئێمە پشت بەهونەری بێگانە نەبەستین و پشت بەهونەری خۆمان ببەستین و ئەوەی کە لەناخی کەلتورەکەدایە بۆئەوەی بتوانین وەڵامی نەوەی ئێستا و داهاتوو بدەینەوە.

*** چ پێوەرێکتان بۆکۆکردنەوەو بڵاو کردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان هەیە ؟**

- ئەگەر بەرهەمەکان مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردیان هەبێت، جا ئەگەر میوزیك بێت یان دابونەریت و شتی کۆن بێت. لەو بوارەدا کەسی شارەزامان لە هەموو بوارەکانماندا هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەو شتانەی بۆمان دێت کوردی ڕەسەنن یان نا. هەرچی موڵکی ڕەسەنایەتی پێوەدیار بێت ئێمە لەئەرشیف دایدەنێین.

*** تەنیا بەرهەمی هونەرمەندە کۆچکردووەکان کۆ دەکەنەوە یان ئەوانەی تا ئێستاش لە ژیاندا ماون؟**

- بەرهەمی کۆچکردووەکان کۆدەکەینەوە، بۆئەوەی نەفەوتێت هەڵیان دەگرین، ئێمە نەك بەتەنیا کۆیاندەکەینەوە بەڵکو بەشێوەی سۆفتوێر پاکیان دەکەینەوە هەرچی کەم و کورتییەکیان هەبێت چاکیان دەکەین و کەم و کورتییەکان ناهێڵین .

*** جگە لەکاری ئەنیستیتیۆ تاچەند ئاگاداری هونەری کوردی و ڕەوشی هونەرمەندانی کوردستانی؟**

- یەکێك لەکارەکانمان ئەوەیە کە ڕۆژانە لەسەر هونەری کوردی زانیاریمان هەبێت. ئاگاداری رەوشی هونەری ئەم سەردەمەین، بە جۆرێك کە لە هەر بوارێکدا شارەزایی تایبەتی خۆمان هەیە ئەو شارەزایانە دەتوانن ڕێنوێیمان بکەن تاچ ڕادەیەك بتوانین لەمەودای ڕەسەنایەتیدا کار بکەین.

*** ماوەیەکی زۆرە بەرهەمت نییە، بەنیاز نیت بەرهەکانی خۆشت بڵاوبکەیتەوە؟**

- پرسیارەکەت دوو وەڵام هەڵدەگرێت، یەکێك لەو کارانەی کەکردوومانە



بەرهەمەکانی منیشی تێدایە، ئێستا لەسەر ئەلبومێك لە(١٢)سیدی پێکهاتووە کار دەکەم، کە ٢٠٠گۆرانی لەخۆ گرتوە ئێستا لە بازاڕیشدا هەیە. دووەم، ئەوەی کە گۆرانیم نەووتوە دەمێکە کاتێکی وام نەبووە کە خەریکی گۆرانی گووتن بم، چونکە ئەگەر بتەوێ بەرهەمێك بکەی دەبێت کاتێکی بۆ تەرخان بکەی. کارێکی ئاسان نییە من هەمیشە لەگەڵ ئورکێستڕای گەورە کارم کردووە، ئەو ئۆکسترایانەش هەریەکەو لەشوێنێکن، ناتوانی بەئاسانی دەستت بکەوێن، بۆیە ماوەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئومێدەوارم لە داهاتوویەکی نزیك دا بتوانم کاری تازەبکەم.

*** گوایە جەنابت وتوتە کاتێك هونەرمەند گەیشتە لوتکە با واز لەگۆرانی وتن بهێنێ؟**

- من بەم شێوەیە باسم نەکردوە، بەڵام کاتێك هونەرمەند گەیشتە لوتکە، دەبێ کارێك بکات کە هەمیشە لەلوتکەدا بمێنێتەوە، واتا کاری ئێستای کەمتر نەبێت لەکاری پێشووی. من ئەمەم باس کردووە. بڕوام وایە پێویستە مرۆڤ ڕێز بۆ کارەکانی خۆی دابنێت. بزانێت کە کارێك دەکات باشتر بێت لەکارەکانی پێشووی. بۆئەوەی ئەوانەی هۆگری کارەکانی ئەو کەسەن بە دڵیان بێت. بۆیە دەبێت مرۆڤێك لە هەموو کارێکدا کارە نوێیەکەی باشتر بێت لەکارەکانی پێشووی.

*** « شیرین تەشی دەڕێسێ »، ئەم شیعرە چۆن ئاوێزانی میلۆدی سیحری کوردیە کە دوای چەند ساڵ تەمەنی ئەم گۆرانییە ئێستاش جەماوەرەکەت حەز بە گوێ گرتنی بکا؟**

- هەموو دەڵێن خۆشم بڕوام ئەوەیە کە کاری مۆدێرنم کردووە، هەروەها کاری فۆلکلۆریشم کردووە. واتا ئەو کارانە لە شەستەکان کردوومە کە سەرەتای کارەکانم بوو، ئەوانە هەمووی شتێکن دەتوانێت بمێننەوە لە میوزیکی کلاسیکیدا، ئیتر کۆمەڵێکی تریش هەن هەمووی کەلتووری کوردین پێم وایە میلۆدیەکەی ئەکتیڤە و دەستکاری نەکراوە ئەمانەش شتی تازەن کەپێشکەشی خەڵکیم کردووە.

*** ئەگەڕێینەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم ... چەند کاریگەری لەسەر مەزهەری خالقی هەبوو لە هەندەران و بیر کردنەوە لە گەڕانەوە بۆ ژیان لە کوردستان ؟**

- « چەند جارێکی تریش باسم کردووە لەساڵانی هەشتاکان حکومەتی بەعس بەربەرە دەستیکرد بە هێرش کردن و بۆمب هاویشتن و کیمیاباران کردنی گەلی کورد، ئەو کات ئێمە دەنگمان بەهیچ دنیا نەدەگەیشت، باوەڕیان نەدەکرد کە ڕژێمی بەعس چی بەسەر کورد دەهێنێت. ئەوە بوو وای لێهات نائومێدییەك لای خەڵك دروست بوو خەڵك دەربەدەر بوو . ئەو باروودۆخەی کوردستان زۆر کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو. بیرم کردەوە کە کارێك بکەم ڕوحییەتی خەڵك بەرز بکەمەوە. ئەوە بوو ئەم گۆرانییەم گووت کە هۆنراوەکەی هی »رەسوڵ هاوار« بوو. خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە حەزم دەکرد بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم توانیم ئومێدێك بەخەڵك ببەخشم ئەم گۆرانیەشم بۆخۆ نەوت بۆهەموو خەڵکم وتوە.

*** قسەی جیاواز هەیە سەبارەت بەچۆنییەتی چوونت بۆ ڕادیۆی کرمانشان، ئەو کەسانەی کە هاوکاریان کردوویت پۆدامەزراندنت لەوێ، بۆیە دەپرسین کەی و چۆن کارت کردووە لە ڕادیۆ و کێ هاوکاری کردی بۆ ئەم مەبەستە؟**

- من نەچووم بۆ ئەم ڕادیۆیە،چونکە پێشتر لەڕادیۆی تاران کارم دەکرد . لەبەشی کوردی دواتر لەبەشی وەرگێڕان و بێژەری کارم دەکرد. دواتر من کرام بەبەڕێوەبەری ڕادیۆی کرماشان.

*** ( کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە، چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە) لەگەڵ شیعرێکی ئەم سەردەمە چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

- بەڕاستی ئەمە شیعرێکی نیشتمانییە، کاتی خۆی «پیرمێرد » نوسیویەتی دواتر مەلا کەریم وتویەتی لەقەوانی مەلا کەریم گوێم لێبوو کردم بەگۆرانی.

*** یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی بەرێزت کە بە چاکی لە گۆرانی وتن هەستی پێدەکرێت، ئەویە ڕوحییەتێکی کوردواری دەبەخشێت بەگوێگر، ئەمەیان چۆنە ؟**

- هیوادارم وابێت، چونکە ئامانجی من ئەوەیە. حەز دەکەم وەك ئەمانەتدارێك کار بکەم کاتێك لە کەسێك وەردەگرم بەشێوەیەکی جوان پێشکەشی خەڵك بکەم بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئێستا کەڵکی لێوەربگرن .کلتوری خۆمان تێك نەدەین سوود لەکەلتوور وەربگرن. نەچن ئاوازی بیانی بکەن بە گۆرانی، چونکە ئێمە کەرستەیەکی زۆر باشمان هەیە بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرن و کاری لەسەر بکەن. دەبێت ئێمەش بەربەرە ببین بەخاوەن هونەری خۆمان .

*** ئەوکەسانە کێن کە ڕۆژانە لەگەڵیان دادەنیشی گفتوگۆی هونەریان لەگەڵ دەکەی ؟**

- من زۆربەی کاتەکانم خەریکی کاری کەلتووری و ئەرشیف کردنی بەرهەمەکانین، هەروەها نوێنەرمان هەیە لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان، بۆیە کاتم زۆر کەمە، لەبەر ئەوە تێکەڵ بوونم لەگەڵ کۆمەڵگای خۆم زۆر کەمە، ئەمەش بەدەست خۆم نییە. زۆر جاریش ڕەخنەم لێدەگرن سەرەڕای ئەوەش لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان بەشداری دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە کۆنتاکتم لەگەڵ زۆربەی میوزیکژەنەکان هەیە جا لە ماڵەوە بێت سەردانم دەکەن یان لە دەرەوە دەربارەی بابەتی کەلتوری گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەم.

*** هونەرمەندانی کورد تاچەند توانیویانە داهێنان و تازەگەری بکەن لەهونەری کورددیا؟**

- «زۆر خۆشحاڵم ئێستا کۆمەڵێك لەهونەرمەندە میوزیکژەنەکان پێدەگەن جا لە دەرەوە بێت یان لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئاراستەیەك هەیە لە کوردستان دوو کۆمەڵە پەیدا بووە یەکێك ڕقی لە ئەویتر .لەگەڵ یەك ناگونجێن بەڕای من دەبێت ئەم ڕق و قینە نەبێت دەبێت کاربکەین هونەرەکەمان پێش بخەین . کاتێك گۆرانی دەڵێت ڕەسەنایەتی پێوەدیار بێت. خەڵکیش ئازادە گوێ لەکێ دەگرێت یان نا گرێت.

*** دەکرێت ناوی چەند گەنجێك بڵێی کەبەرێزت دەنگیانت پێخۆشە و سەرکەوتون؟**

- من کەسێکم زۆر حەز لە گۆرانی ڕەسەنایەتی کوردی دەکەم. بۆیە ناوی هیچیان ناهێنم نەوەك ئەوانی تر پێیان وابێ ڕەخنەم لێیان هەیە. بەڵام گەر حەزم لە دەنگی گۆرانیبێژێکیش نەبێت گوێی لێناگرم.

*** خۆشەویستی تاچەند هاندەرت بووە لە وتنی گۆرانی ؟**

- ئەوکەسەی مانای خۆشەویستی نەزانێت قەت گۆرانی ناڵێت .

*** هیچ پرۆژەیەکی نوسینت لەبەردەستە، یان بیرت لێکردبێتەوە؟**

- نەخێر، بەڵام بیرەوەرییەکانی خۆم کاتێك وازم لەکارم هێناوە لەماڵەوە دادەنیشتم دەیاننووسم

*** خۆشترین یادگاریت لەژیانی هونەریدا چییە ؟**

- «کاتێك تەمەنم دوانزە ساڵ بوو لەقوتابخانە بووم کۆنسێرتێکمان هەبوو . ئەوکات خەڵکم نەدەدیت بۆ یەکەم جار گۆرانیم وت، سەرەتا خەڵك بێدەنگ بوو لەناوەڕاستی گۆرانییەکە چەپڵەیان لێداو شڵەژام وگۆرانییەکەم پچڕاند. هەڵبەتە خەڵك نەیدەزانی بۆ گۆرانیم پچڕاند ئەمەم قەت لەبیر ناچێتەوە.

*** تاچەند ئارەزووی ژیانی دێهات دەکەی و کاتەکانت تاچەند لەوێ بەسەردەبەیت ؟**

- ئارەزووی ئەوەم هەیە لە دێهات کۆتایی بە ژیانم بهێنم.





## نازک بەرهەمێکی رەسەن زیندوو دەکاتەوە

دەربــارەی دواییــن کاری هونــەری خۆی کچە گۆرانیبێــژ نازك نێروەیی بــە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکی نوێیــە کە پێکدێــت لە چوار بڕگە، نــازك زیاتر وتی: ئەم چــوار بڕگانە بریتین لە گۆرانی چوار هونەرمەندی نەمر و بەشێوەیەکی نوێ پێشکەشی دەکات، و پەنا بە خوا بەم نزیکانە بە کۆتایی دێت و لە تورکیا وێنەی دەگیرێت.

دەربــارەی گۆرانی (بەس تۆ) کە بە شــێوەزاری ســۆرانی بڵاوی کردبۆوە، نــازك دەڵێ: جەماوەر بەشێوەیەکی زۆر باش پێشوازییان لەم گۆرانییە کرد بەتایبەتی لە شــارەکانی هەولێر و سلێمانی، بەڵام خۆم زۆر لێی رازی نەبووم بەتایبەتی ســیناریۆ و وێنەگرتنی کلیپەکە زۆر بە دڵم نەبوو و لە ئاستی ئەو تێکست و ئاوازە نەبوو، لەلایەکی دیکەوە نازك گوتی: جگە لەم گۆرانییە چوار بڕگەییە ئێســتا خەریکی تۆمار کردنی وێنەی گۆرانی (عەشــقا من و تە)م کە یەکێکە لــە گۆرانییەکانی دوایین بەرهەمم و لە کوردستان وێنەی دەگیرێت.



## جنێڤەر لۆپێز دەچێتە کۆشکی سپی

گــەورە بەرپرســێکی ئیــدارەی ئەمریکی رایگەیاند خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی جنێڤەر لۆپێز بۆ کۆشکی سپی داوەت کرابوو تا لەگەڵ خانەوادەی باراك ئۆباما ئامادەی کردنەوەی خولی یاری تۆپی پێی ئەمریکی (سوپەر پۆل) بێت. بەپێی هەمان سەرچاوە جنێڤەر و مارك ئەنتۆنی هاوســەری بــە یاوەری چەنــد وەزیرێك لەوانە وەزیــری داد ئەریــك هۆڵدەر و وەزیری گواستنەوە رای لاهۆد و وەزیــری ناوخــۆ جانیت نابۆلیتانــۆ ســەرەڕای چەنــد ئەندامێکــی ئەنجوومەنی نوێنەران وپیــران ئامــادەی بینینــی یاریەکە بوون.



## کەژاڵ ئادەمی لە ڤالەنتاین چی دەڵێ؟

لەم ڕۆژەدا یادێک دەکەم، لە «دۆعا» و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای عەشق و هەزاران سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکیان.
چەپکێـک گوڵـی خۆشەویسـتی دەکەمە دیاری بۆ هەموو ئەوانەی عەشق بە ئینسان و مرۆڤایەتی لە زەریای دڵیاندا شەپۆل ئەدات.
لە سەر بەرزترین لوتکەی چیای حەزەکانمەوە و لە کوانوی خەونە سـپیەکانمەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆم دەنێرم بۆ هەموو ئەڤینداراني وڵاتەکەم.
*وەرزی عەشقتان هەمیشە بەهار هەرکەس عاشقە بگات بە ویساڵ*



## ریهانا: وێنە بڵاوکراوەکان هی من بوون

ریهانای گۆرانیبێژ، لەسـەر لاپـەڕەی تایبەتی خۆی لە تویتەر دانی بـەوە نا کە ئەو وێنە رووتانەی بڵاوکرانەوە لەسـەر چەند ماڵپەرێـك وێنەی ئەون و بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنەوە کە خەریکی ریجیمێکی خۆراکی بوو. رۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی بڵاوی کردبۆوە کە بەر لە ماوەیەك کچە نمایشـکارێکی جلوبـەرگ رایگەیاند بوو، کە پەیوەندییەکی پتـەوی لەگەڵ ریهانادا هەیە و ئەو وێنانەی بۆ ناردوون، بەڵام سـەرچاوەیەکی نزیك لـە ریهانا رایگەیاند کە ئەم وێنانـەی بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی ناردووە نەك بۆ ئەم کچە نمایشـکارە، ریهانا لە دان پێنانەکە روونی نەکـردەوە کە ئەم وێنە رووتانەی بۆ کێ ناردووە، جگە لەوەش دوایین کلیپی ریهانا لە چەندین وڵات قەدەغە کراوە، هەروەها یوتیۆب رایگەیاند ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە ناکرێ سەیری ئەم کلیپە بکەن، چونکە کلیپێکی گونجاو نییە.



## ئیڤا لۆنگۆریا عاشقی برای پینیلۆپە

بەم دواییە لـە راگەیاندنەکانی ئەمریکا پروپاگەندەیەکی زۆر دەربارەی پێوەندی نێوان ئیڤا لۆنگۆریا و ئیدوارد کروزی برای پینیلۆپ کروز بڵاوکرایەوە، بەپێی سـەرچاوەکان ئەم پێوەندییە بۆ چەند مانگێك بەر لە ئێسـتا دەگەڕێتەوە، چونکە ماوەیەکە بەردەوام بە یەکەوە دەبینیرێن، تەنانەت لە شـەوی کریسمسـیش ئیدوارد لە ماڵی ئیڤا بینراوە، هەر لـەم بارەیەوە رۆژنامەی (زە دایلی ماڵ)ی بەریتانی رایگەیاند کە ئیڤا و ئیدوارد لەسەر تەختێك لە میامی چەند سـاتێکی خۆشیان بەسـەر بردووە، بەڵام قسەکەرێك بە ناوی ئیڤـاوە ئەم هەواڵانەی رەتکـردەوە و رایگەیاند کە پێوەندی نێوانیان تەنیا هاوڕێیەتییە.



**دانیا عەلی**
**سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە بریندارانی کیمیا بارانی هەڵەبجە و شایەدحاڵێکە لەم کەیسەدا لە هەمان کاتدا هونەرمەندێکی بە توانایە و بەو بەرهەمانەی تا ئێستا بڵاوی کردونەتەوە راستی ئەمەی سەلماندووە، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**
**دیمانە/ خەلیل بلەیی**

## دانیا عەلی:

# شیاو نییە ئافرەت گۆرانی بۆ ئافرەت بڵێت

*** ئێستا هونەری ئافرەتان لە چ ئاستێکدایە؟**

-بەر لە هەر شتێك دەبێ دان بەوە بنێین کە ئێستا ژمارەی ئافرەتە هونەرمەندەکان زۆر زیادی کردووە ئەمەش کارێکی ئیجابییە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی، بەڵام من ناتوانم بڕیاری هەڵسەنگاندنی باش و خراپەکان بدەم، بەڵکو ئەم کارە پێویستە جەماوەر بیکات، هەروەها چاکی و خراپی هونەرمەند دەگەڕێتەوە سەر کارە چاکەکانی خودی هونەرمەندەکە، کە تاچەند توانیویەتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێنێت، تاچەند جەماوەر لە گۆرانییەکانی رازییە و پێیانوایە خزمەتی بە هونەر کردووە. ئەوکاتیش گوێگر دەتوانێت حوکم لەسەر ئەو هونەرمەندە بدات، وەك گوتم کارێکی باشە ئەگەر ئافرەت بێتە نێو مەیدانی هونەرەوە، لە وڵاتی ئێمە بۆ سالانێکی زۆر ئەم ژمارەیە زۆر کەم بوو، لە ساڵی ١٩٩٥ کە من دەستم بە کاری هونەری کرد ئافرەتە هونەرمەندەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام ئێستا ژمارە زۆرە.

*** بەڵام تۆ وەك ئافرەتێك زیاتر لە پیاوێکی هونەرمەند دەتوانی ئاستەنگ و پاڵنەرەکان بۆ ئافرەتی هونەرمەند دیاری بکەی، پێتوایە ئەم رێگری و پاڵنەرانەی بەردەم ئافرەتان چین؟**

-لەوانەیە کۆمەڵگا و تەنانەت ئەو کەسەی ئافرەتەکە کاری لەگەڵدا دەکات هۆکارێك یان لەمپەرێك بێت لەبەردەم ئافرەت، چونکە کاری هونەری زۆر هەستیارە و پێویستە زۆر بە ئەمانەتەوە دەست بەم کارە بکەی بۆ نموونە چۆن دەیکەی؟ لەگەڵ کێ دەیکەی؟ چۆن سەرکەوتوو دەبی تێیدا، ئیتر ئەو کەسەی کارەکە دەکات بڕیار دەدات کێ هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکات، ئەو کات هەر ئەنجامێکیش هەبێت، دەزانێت هۆکارەکانی چیبوون جا جێی نارەزایی یان دڵخۆشی بێت خۆی لێی بەرپرسیارە، بێگومان دەورووبەریش کاریگەری هەیە، بەڵام کاری هونەریش زۆر قورسە و بە تەنیاش ئەنجام نادرێت پێویستی بە چەند لایەنێکە.

*** ئەمە لایەنی کۆمەڵگا و دەورووبەر، بەڵام سەبارەت بە کارە تەکنیکییەکان و پێداویستییەکانی گۆرانی وەك مۆسیقا، تێکست، رێگرییەکان چین بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی تێکستی ئافرەتانە بۆ گۆرانییەکان؟**

- ئەمە زۆر راستە، چونکە ناکرێ لەم سەردەمە ژن بۆ ژنێك گۆرانی بڵێ، من خۆم بەهیچ شێوەیەك ئەمەم پێ قبوڵ نییە، دەبێ هەرچۆنێکی بێت پیاو یان ئافرەت گۆرانی بۆ رەگەزی بەرامبەری بڵێ، بۆیە من هەوڵمداوە ئەو تێکستانە هەڵبژێرم کە بۆ کەسێکی نادیار

بێت، بۆیە بە شاعیرەکان دەڵێم. شیعرێکی وام بۆ دیاری بکەن، کاتێکیش شیعرم بۆ دادەنێن ڕەچاوی ئەمە دەکەن ئەگەر شاعیرەکان پیاویش بن.

*** تێکستی ئافرەت لا پەسەندترە یان هی پیاو؟**

- من پێمخۆشە کچێك بۆم بنووسێت زۆر جار (کانی هەڵەبجەیی) تێکستی بۆ نووسیوم، چونکە هەست و بیر کردنەوەمان لە یەکترەوە دوور نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کچمان کەمە یان هەندێك لە تێکستی کچەکان بۆ گۆرانی ناشێ، بۆیە جاری وا هەیە تێکستی پیاوەکانیش دەکەم بە گۆرانی، بەتایبەتی ئەگەر جوان و شیاو بێت. بەلای منەوە گرنگترین شت ئەو هەستەیە کە لە تێکستەکەدا هەستی پێدەکرێت.

***تۆ پێتوایە شیعرێك پیاوێك بۆ پیاو بیڵێ ئەو هەستەی تێدا بەدی دەکرێت کە ئافرەتێك بۆ پیاوێکی بڵێت؟**

-زۆر جار ئەم هەستە بەدی ناکرێت کە تۆ دەتەوێ، بەڵام ئەگەر دەستنیشانی نەکەیت لە تێکستەکەدا کە بەرامبەرت کێیە دەکرێت، ئافرەتێك بیڵێت و هەندێك هەستەکەی بگۆڕێت، چونکە هەمان هەستە تۆ بۆ بەرامبەرت بیڵێی، لەو تێکستانەی وتوومەتە هیچ گرفتێکم نەبووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە وشەی مێینە و وەسفی جوانی ئافرەتی تێدا نەبێت.

*** تۆ ئامادەی شیعرێك بکەیت بە گۆرانی کە وەسفی جوانی کوڕێك بکات؟**

-ڕێك بەو شێوەیە نا، بەڵام بۆ خۆشەویست ئاساییە، چونکە کەسی خۆشەویست لە ڕەگەزی بەرامبەرە، پێموایە ئەگەر مێینە بۆ مێینە بیڵێ شتێکی شیاو و جوان نییە.

***ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی هەندێك ئافرەت بەوە تاوانبار دەکرێن کە تەنیا بۆ خۆ نمایشکردن گۆرانی دەڵێن، کەسانێك پێیان وایە خەریکە کوردستانیش تووشی ئەم پەتایە دەبێت، تۆ چی دەڵێی بۆ ئەم دیاردەیە و ئایا لە کوردستان بوونی هەیە؟**

- پێموایە لە هەموو دنیا ئەو شتە هەیە، زۆر جار گوێ لە گۆرانییەکی خۆش دەگری، بەڵام کاتێك کلیپەکەی دەبینی سەرت لێدەشێوێنێ، هەروەها بە پێچەوانەوە زۆر گۆرانی هەیە سەرنجت ڕاناکێشێت، بۆیە هەوڵ دەدەن بە کلیپەکە ئەم لایەنەی پڕ بکەنەوە، لەوانەیە لە کوردستانیش ئەمە ڕوویدات، بەڵام بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە ئەو کارەی تۆ پێشکەشی دەکەی تا چەند جوان بێت، من هەمیشە حەزم کردووە کارێك بکەم خەڵك بە دڵی بێت و بۆ مێژوو بێت واتە بە زیندوویی بمێنێتەوە، تا چەندیش باش و سەرکەوتووە ئەوە جەماوەر بڕیار دەدات.

*** تۆ پێت وایە کلیپ دەبێتە هۆی ئەوەی سوود یان زیان بە گۆرانی یان هونەرمەندەکە بگەیەنێت؟**

- جاری وا هەیە گۆرانی بە کلیپ ناوبانگ دەردەکات یان بەپێچەوانەوە، پێمباشە گۆرانییەکە باش بێت ئینجا کلیپ ببێتە تەواوکەری، بەڵام ناکرێ کلیپ بە هۆکاری سەرەکی باشی یان خراپی گۆرانی دابنرێت، هەروەها مەرج نییە هەموو جارێك کلیپەکان وەك یەك و لە یەك ئاستدا بن.

***لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە تا ئێستا کێ هاوکاری کردووی؟**

- «دەروون»ی برام زۆر هاوکاری کردووم بەتایبەتی لە سیدییەکەم، هەروەها چەندین کەسی دیکە کە لەڕووی مۆسیقا و تێکست و وێنەگرتنەوە زۆر هاریکارییان کردووم لێرەوە زۆر سوپاسی هەموویان دەکەم.

*** تۆ یەکێکی لە قوربانیانی هەڵەبجە، ئەم کارەساتە چۆن لە هونەری تۆدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- من بریندار بووم لە هەڵەبجە و سییەکانم زۆر ئەزیەتیان پێگەیشتووە، کاتێك لە کوردستان بووم زۆر جار لە کاتی تۆمارکردنی دەنگدا لە ستۆدیۆ ئەوەندە کۆکەم بۆ دەهات دەبوایە چەندین جاری دیکە دووبارەی بکەینەوە ئەو کاتیش وەك ئێستا تەکنۆلۆژیا لە کوردستان زۆر پێشکەوتوو نەبوو، ئێستاش هەمان کێشە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە، بە گشتی ئەو کات کاری هونەری بۆ من زۆر قورس بوو، بەڵام بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی بۆیە بەردەوام بووم.

*** لەڕووی هونەرییەوە چۆن هەستی خۆت بۆ هەڵەبجە دەربڕیوە بە سروود یان گۆرانی؟**

- بەر لە دوو ساڵ لەگەڵ «دەروون»ی برام گۆرانییەکم تۆمار کرد لە شیعری (کانی هەڵەبجەیی) کاك سەفین و چەند برادەرێکی دیکە لە سلێمانی کاری مۆسیقایان تێدا کرد، هەرچەندە من زۆر دەمێك بوو بەنیاز بووم کارێك بکەم بۆ هەڵەبجە، هەروەها وەستانی من لێرە لە دادگا دژی ئەو کەسانەی لە کەیسی هەڵەبجە تاوانبارن، ئەمەش کارێکە کە دڵم زۆر پێیخۆش بووە. وەك نوێنەرێکی قوربانیانی هەڵەبجە و هەست بە سەربەرزییەکی زۆر دەکەم.

